

## دونیا دارا:

### یاریزانی سەول و کانۆی هەڵبژاردەی عێراق

# سەول و کانۆ وەرزشێکی زۆر مەترسیدارە بەتایبەت بۆ ئاستی کچان







■

هەر چەندە یاری سەول و کانۆ، یارییەکی تا رادەیەک نوێیە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام وەرزشکارانی کوردستانیش بە تامەزرۆییەوە روویان لەم یارییە کردووە بۆ ئەوەی بتوانن شان بە شانی یاریزانانی وڵاتانی جیهان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە رکابەری بکەن، قەزای دووکانیش بە هۆی ئەو دەریاچەی لە سنووری شارەکە هەیە، هەموو کات بەوە بە ناوبانگ بووە کە بۆتە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا لە یارییەکانی سەول و کانۆ، یەکێک لەم یاریزانە بەتوانایانەش کە پاشەڕۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەودایە، کچە یاریزان دونیا دارای–ە کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی قەزای دووکان و یاریزانی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقە و لە هیچ یانەیەک یاری ناکات. دونیا خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشی و چۆن ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- هاتنە ناو ژیانی وەرزشیم پێوەندی بە حەز و ئارەزووی خانەوادەکەم و دواتریش خۆم هەیە، خانەوادەکەم هەموو کاتێك هاوکارییان کردووم بۆ بەردەوامبوونم لە وەرزش، ئێستاش لە کۆلێژی وەرزشی دەخوێنم کە ئەمەش وادەکات زیاتر لە وەرزش نزیك بم. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم یارییەش ئەوە بوو کە هەستم کرد پشتگیریم دەکرێت لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی بۆ خزمەتی ئەم وەرزشە تەرخان کردووە، ئەم کەسەش (م جەعفەر) سەرۆکی یەکێتی سەول و کانۆی کوردستانە، دواتریش توانا و حەزی خۆم وای کردووە ئەم یارییە هەڵبژێرم.

*** ئاستی یاری سەول و کانۆ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستێکی زۆر باشی هەیە و هەموو کات لە بەرەو پێش چوونە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کە داهاتوویەکی زۆر پرشنگداری هەبێت.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە پشتگوێ خراوە؟**

- زۆریش پشتگوێ خراوە، تەنانەت زۆرکەس نازانن یارییەکەی ئێمە چ جۆرە وەرزشێکە.

*** ئایا ئەم یارییە کە لە ناو ئاوە بۆ کچان جێگای مەترسی نییە؟**

-بەدڵنیاییەوە وەرزشێکی زۆر مەترسیدارە، بەتایبەت بۆ ئاستی کچان، چونکە یارییەکە لە ناو ئاوە و توانا و بوێرییەکی زۆر زۆری دەوێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-پێویستە یانەکانی کوردستان گرنگی پێ بدەن بۆ ئەوەی لە هەموو شارەکانی کوردستان بوونی هەبێت و بەرپرسانی وەرزشی زیاتر بایەخ بەم یارییە بدەن.

*** گرفتی وەرزشی یاری سەول و کانۆ لە چیدا دەبینی؟**

-تاکە گرفتمان نەبوونی کەل و پەلی پێویستە کە ئەوەش گرفت بۆ یاریزانان دروست دەکات و ناهێڵێت بەرەوپێش بچێت، جگە لەوەش قەیرانی داراییش هۆکارێکی دیکەیە لە گرفتەکان.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

- لە ئێستادا من یاریزانی یانەی دووکان نیم و هیچ پێوەندییەکم بەم یانەیەوە نەماوە، بەڵام باشترین یانەی کوردستان پێوەندییان پێوە کردووم و لە گفتوگۆدایین بۆ گەیشتن بە ئەنجام، بەڵام لە ئێستادا حەزناکەم ناوی یانەکە بڵێم، تاکو کارەکانی لەگەڵم بە کۆتایی بێت.

*** هیوات لە ژیانی وەرزشیت چییە؟**

-هەمیشە بە هیوای ئەنجامی باشترم، چونکە نامەوێت هەرگیز واز لە وەرزش بێنم، لەبەر ئەوەی تاکە خولیای ژیانمە.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- لە دوای مانگی پیرۆزی رەمەزان دەچمە ناو کەمپێکی مەشق و راهێنان لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی عەرەبی بڕیارە لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکان بەڕێوەبچێت.

*** قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر ئەم یارییە؟**

- قەیرانی دارایی لەسەر هەموو یارییە وەرزشییەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی کاریگەری داناوە و یارییەکەی ئێمەشی گرتۆتەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام لە ناو خەمەکانی وەرزشوانانن و بەسەریان دەکەنەوە، ئێمەش لە مینبەری ئێوەوە دەتوانین خەمەکانمان دەربڕین، سوپاسی دایك و باوکم دەکەم هەمیشە ئەو دەستکەوتانەی بە دەستی دەهێنم بە هۆی پشتیوانییەکانی ئەوانی دەزانم .






# گیگز مانچستەر یۆنایتد جێدەهێڵێت

رایان گیگز یاریزان و راهێنەری پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی هەفتەی داهاتوو بە شێوەیەکی فەرمی ریزەکانی ئەو یانەیە دوای ٢٥ ساڵ جێدەهێڵێت.

سەرچاوەکانی ئینگلتەرا ئاشکرایان کرد، خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پۆرتوگالی یانەی مانچستەر یونایتد نایەوێت گیگز لە دەستەی راهێنەرانی یانەکەی بێت، بۆیە گیگز ناچارە ریزەکانی ئەو یانەیە جێبهێڵێت، هەرچەندە بەرپرسانی شەیتانە سورەکان داوایان لێکردووە پۆستێک لە یانەکە وەربگرێت، بەڵام گیگز رەتدەکاتەوە هیچ پۆستێك وەربگرێت.

رایان گیگز بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مانچستەر یونایتد بەشداری کرد و لە ساڵی ٢٠١٣ بە یەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا، ناوبراو لە سێ ساڵی رابردوو ئەرکی یاریدەدەری راهێنەری یانەکەی گرتە ئەستۆ.

## بەرشلۆنە ماسکیرانۆ نافرۆشێت

پرسی گواستنەوەی خافێر ماسکیرانۆی ئەرژەنتینی لە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بۆ یوڤنتۆسی ئیتالی، یەکێکە لەو هەواڵانەی تایبەت بە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان کە ماوەیەکە زۆرترین قسە و باسی لەسەر دەکرێت.

لەم بارەیەوە بیپی مارۆتای بەڕێوەبەری گشتی یانەی یۆڤنتۆس ڕایگەیاند: یانەی بەرشلۆنە ماسکیرانۆ نافرۆشن، ئەمەش بڕیاری کۆتایی یانەکەیە.

بەم لێدوانەی مارۆتا هەوادار و هاندەرانی یانە کەتەلۆنیایەکی لە مانەوەی ماسکیرانۆ دڵنیا دەبنەوە.



## زابالێتا مانچستەر سیتی جێدەهێڵێت

پابلۆ زابالێتا بەرگریکاری ئەرژنتینی و یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی وەرزی داهاتوو ریزەکانی یانەکەی بەرەو خولی ئیتاڵیا جێدەهێڵێت.

ڕۆژنامەی (لاگازێتا دیلی سپۆرتی)ی ئیتاڵی ئاشکرای کرد بەرپرسانی یانەی ڕۆما لە هەوڵی ئەوەدان، زابالێتا بەرگریکاری ئەرژنتینی و یانەی مانچێستەر سیتی رازی بکەن بۆ وەرزی داهاتوو پەیوەندی بە ریزی یانەکەیانەوە بکات، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەو بەرگریکارە وەرزی داهاتوو لە خولی ئیتاڵیا بەردەوام بێت.

زابالێتای بەرگریکاری باڵی راستی یانەی مانچستەر سیتی، پێیوایە بە هاتنی پێپ گواردیۆلا ئیتر لە پێکهاتەی سەرەکی یانەکە یاری پێ ناکات بۆیە ریزەکانی یانەکەی جێدەهێڵێت.



# هەولێر.. بەشداریکردنی لە خولی عێراق بە نادیاری جێهێشتووە

خولی نایابی یانەکانی عێراق ساڵ بە ساڵ بەهێزتر دەبێت بە هۆی ئەو هەموو گرێبەستەی کە لەلایەن یانەکانەوە لەگەڵ یاریزانان مۆردەکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی عێراقی، یانەکانی کوردستانیش وەرزی رابردوو بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، بەڵام یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقی بە پێچەوانەی یانەکانی کوردستان لە ئێستاوە دەستیان کردووە بە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزانان بۆ ئەوەی بتوانن پێکهاتەیەکی باش بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن و بە بەهێزییەوە بچنە نێو رکابەرییەکانی خولی نایابی عێراقی، بەڵام یانە کوردستانییەکان تاکو ئێستا بڕیاری بەشداریکردنیان نەداوە بەهۆی ئەو قەرزە زۆرەی لەسەریان کۆبۆتەوە، یانەی هەولێریش تاکو سەرەتای ئەم مانگە چاوەڕوان دەبێت، دواتر بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات. لەبارەی چارەنووسی یانەی هەولێر بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراق، بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان ئەنجامداوە لەسەر پرسی بەشداریکردن و نەکردنمان لە خولی عێراقی، چەند نووسراوێکیشمان کردووە بۆ لایەنی بەرپرس لە حکومەت بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لە رووی داراییەوە، بۆیە تاکو سەرەتای مانگی داهاتوو دەوەستین بۆ ئەوەی بزانین ئایا حکومەت و لایەنی بەرپرس هاوکاریمان دەکەن، یاخود ناکەن، ئەوکاتیش ئێمە بڕیارێکی چارەنووسساز دەدەین لەسەر بەشداریکردنمان، چونکە ئێستا یانەکان خەریکی کۆکردنەوەی یاریزانانن و ئێمەش هیچمان نەکردووە، یاریزانانی ئێمەش لەلایەن یانەکانی ترەوە گرێبەستیان پێشکەش کراوە، بۆیە لە بارێکی خراپداین، بێگومان یاریزانانیش مافی خۆیانە کە چارەنووسی خۆیان بزانن.» لەبارەی پێدانی گرێبەستەکۆنەکانی یاریزانانیش بێجان گوتی: «تاکو ئێستا هیچ بڕە پارەیەکمان لەدەست نییە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پارەی گرێبەستی یاریزانانمان بدەین و ئەوانیش مافی خۆیانە کە داوای مافەکانیان بکەن، بۆیە تەنیا یاریزانە کوردەکان لامان ماون و ئەوانی تر لە راهێنەران و یاریزانە عەرەبەکان پێوەندییان بە یانەی هەولێرەوە نەماوە.





# یانەی زاخۆ دەستی بە خۆ بەهێزکردن کرد

بە مەبەستی بەشداریکردن لە وەرزی نویێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە وەرزی رابردوو یانەی زاخۆ بڕە پارەیەکی زۆری سەرف کرد لە هێنانی راهێنەران و یاریزانان، بەڵام نەیتوانی هیچ ئەنجامێك بەدەست بهێنێت، یانەکەش لە وەرزی نویێ هەرچەندە قەیرانی دارایی بەرۆکی گرتووە، بەڵام لە ئێستاوە ئامانجی هەیە پشت بە یاریزانە کوردەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان ببەستێ و بتوانێ ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت، کارگێڕانی یانەکەش بە ئامانجی خۆبەهێزکردن و پشتبەستن بە یاریزانانی کورد گرێبەستیان لەگەڵ شەش یاریزانی یانەکانی دیکە مۆرکردووە، یاریزانانەش بریتی بوون لە هەریەك لە یاریزانان (جاسم حاجی لە شاری دهۆك و هونەر ئەحمەد و بیلال ساڵح و محەمەدسابیر لە شاری کەلار و دیار یاخی لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و حاتم زێدان لە یانەی هەولێر). لە بارەی گرێبەست و ماوەکەشی تەنیا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەم گرێبەستانە بۆ ماوەی یەك وەرزە، بەڵام بڕی گرێبەستەکانیان دیاری نەکرد و ئەوەشی خستەڕوو کە بەشداریکردنیان تەنیا بۆ خولی عێراقە.




# گۆڵکارە کەرکووکییەکە داواکراوە

یونس شوکر گۆڵکارە بەتواناکەی یانەی گازی باکوور کە ئەمساڵ لە یانەی زاخۆوە پێوەندی بە یانەی گازی باکووری شوێنی لە دایکبوونی خۆی کرد، بەهۆی گرفتی خێزانییەوە گەڕایەوە شارەکەی و لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان یاری بۆ یانەی گازی باکوور کرد، لەگەڵ یانەکەشی توانی سەرکەوتوو بێت لەسەرخستنی یانەی گازی باکوور بۆ خولی پلە نایابی کوردستان، دوای تۆمارکردنی حەوت گۆڵیش گۆڵکاری تیپەکەی بوو، لە ئێستاشدا یونس دوو گرێبەستی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و بتوانێ رۆڵی کارا ببینێ لەگەڵ یانەکانی خولی نایاب، لەم بارەشەوە یونس شوکر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی توانیم لە هەردوو خولی پلە یەکی کوردستان و پاڵاوتنەکانی عێراقی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و رۆڵی کارام بینی لەسەرخستنی یانەکانم لەگەڵ هاوڕێ یاریزانەکانم، بۆیە چەند گرێبەستێکم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی ترەوە، بەتایبەت لە یانەکانی عێراقی لە هەریەك لە یانەکانی نەفتی جنوب و کارەبای شاری بەغدا گرێبەستم پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی بۆندیان لەگەڵ واژوو بکەم بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام تاکو ئێستا وەلامێکی پوختم بۆ ئەم یانانە نەبووە، چونکە من ئێستا لەگەڵ یانەی گازی باکوورم و سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە بۆ گەیشتن بۆخولی نایاب، بەڵام بەهۆی گرفتێکی تەکنیکییەوە گرفتمان بۆ دروست بووە، نازانم چی بەسەر دێت، ئێستا چاوەڕوان دەبم کە بزانین چەند گرێبەستی ترم بۆ دێت، سەیرێکی باری خێزانی خۆم دەکەم، ئەوکات بیرێکی لێ دەکەمەوە بۆ ئەوەی منیش چارەنووسی خۆم دیاری بکەم کە بۆ وەرزی نوێ لە چ یانەیەك یاری دەکەم، ئایا لە کوردستان دەمێنمەوە، یاخود دەچمەوە ناوەڕاستی عێراق.

فۆتۆ: یوسف

